
# طوِلي سةر مزي كؤبوونةوةكان خةريكة سيس دةبن ... د. كاوس عةزيز فةرةج

زانكۆی نایمیخن - هۆڵه ند



کات زێڕه و هه نگاوه کانی ئیمه ش خاووخلیچک و تێکه ڵو پێکه ڵ، ئه وانه ی ئێمه به نیازبوین ئاشنایان بکه ین به و مۆدێله ی که خۆمان پێئه نازیو فێری دیموکراتی کوردیمان ئه کردن، وا خه ریکه ئه وان له به غدای ترسو برسێتیه وه ئێمه فێری ئه و وانانه ده که ن، ئه گه ر وا نیه، پاساو چیه بۆ نیوه گیانکردنی ئه و ساوا پێگرتوه؟ چه ند ساڵێک به ر له ئێستا که به رپرسه کان وه ڵامیان بۆ پرسیاره کانی خه ڵکی پێنه بوو، زۆر به ئاسانیو به دێڕێک خۆیان ده رباز ده کرد و ده یانوت: حکومه تو په رله مانه که مان ساوایه و هێشتا نه چۆته سه ر پێی خۆی، یاخود پێی نه گرتوه٠

جارێکی دی دوودڵیو گومان و قه یرانی ده سه ڵات وازمان لێناهێننو به دوامانه ن، هه ر که خه ریکه بستێک به ره و پێشچین هه نگاوێک یان ده به ره و دواوه ده نێین، ئایا ئه مه قه ده ری ئێمه یه وه ک پیاو چاکان ده ڵێن یان که مو کورتی خۆمانه٠

وا چاره کێک له ته مه نی په رله مانی نوێی کوردستانی چاوه ڕوانکراو تێپه ڕی، نه ده نگمان بیستو نه ره نگمان دی، ده ترسێم به ده ردی ته له فیزیۆنه که چووبێت، ده ستی بزێو دوو پاتریه قه ڵه میه که یان له ڕیمۆت کۆنترۆڵه که ی ده رهێنابێت، یان یه ک پاتری تێدا بێتو، بێئه وی دی کار نه کات٠

ئه م ته نگژه ی ده سه ڵاته ی که ئیستا له کوردستاندا سه ریهه ڵداوه له خۆوه نیه و له دایکبووی ئه م ساتانه نیه، به ڵام هاتنه سه ر به ره ی له م کاته دا زیانێکی زۆر گه وره له هه موان ده دا٠

خه ڵکی کوردستان نیگه رانن له هه ڵسوکه وتی سه رکردایه تی کوردو بێخه میان له و گیروگرفتانه ی که رۆژانه یه خه یان ده گرێت. ده یان کێشه چاوه ڕێی ئه و په رله مانو حکومه ته چاوه ڕوانکراوه ن که ئاوڕیان لێبده نه وه.

ده ڤه ره تازه ئازادکراوه کانی نیشتیمان بێ ئێوه بیان پێوه دیاره، ئه نجومه نی پارێزگای که رکوک له چاوه ڕوانی ئێوه دا سۆمای چاوه کانی داهات، قوربانیانی گۆڕه به کۆمه ڵه کان هه ستاونه ته سه ر پێ، کورده هاواره ٠٠٠٠ده ئێوه ش خه باتی نیو سه ده له خوێن و فرمێسک به با مه ده ن و ئه وه ی هه یه لێکی مه ترازێنن٠

سه قامگیری ئابووری و دابینکردنی ئاسایش دوو کۆڵه که ی سه ر ه کی ڕاگرتن و به رده وامی هه موو حوکمڕانیه کن له دونیادا،له ق بوونی هه ر کام له و دوو کۆڵه که یه کا ره ساتی گه وره ی به دوادادێت.

بزه ی سه ر لێوی کارمه ندو فه رمانبه ران وا خه ریکه ئه ته ڕێ له ژێر زه بری ئه و گرانییه ی که ئیستا بازاڕه کانی کوردستانی گرتۆته وه، کێشه یه کی گه وره یه و په یوه ندی ڕاسته و خۆی به ژیانی هه موو تاکێکی کۆمه ڵه وه هه یه، چاره سه ری بنه ڕ تیو پلانی ئابووری

داڕێژراوو بیریووردی ده وێ،ڕاو ته گبیری نوێنه رانی ڕاسته قینه ی میلله تی ده وێ، به مانگرتنو زیادکردنی مووچه و چاره سه ری کاتی پینه ناکرێت٠

بانگه شه کردنو پیاده کردنی بازاڕی ئازاد به و شێوه یه ی که له کوردستاندا هه یه لێکۆڵینه وه ی ژیرانه و چاو پیاخشاندنه وه ی زۆری ده وێت، کردنی جوتیارو کرێکاری کورد له به رهه مهێنه وه بۆ بخۆر سیاسه تێکی بێنه خشه وسه قه ت و تێکده ره نه ک بنیاتنه ر٠

ئابووری کوردستان ئابووری لادێیه، چاندن بڕبڕه ی پشتی ئابووری ئێمه یه، تا دوێنێ بوو هاوارمان بوو بۆ گونده وێرانکراوه کانمان، خۆ ئه مڕۆ باره که گۆڕدڕاوه،ئه ی ئه و لێشاوی کۆچه ی گوندنشینه کان به ره و شار مانای چیه؟ هۆکار زۆرنو چاره سه ر هیچ، بۆیه ده ڵێین کات دێری کرد و مه یه ڵن گوڵی سه ر مێزی کۆبونه وه کانتان سیس ببن ٠٠٠٠٠